# هەژاری کتێبخانەی کوردییو ناکارایی دەزگاکانی وەرگێڕان

**جەمال پیرە**

jamalp@hotmail.com

بێگومان یەکێ لەو فاکتەرە گرنگانەی کە وەسیلەیەکی بەهێزی پێشقەچوونی ئاستەکانی فیکریی‌و روناکبیرییە، ئاکتیڤبوونی بزاڤی وەرگێڕانە، بەوپێیەی کە دنیای روناکبیریی بەردەوام لەگەل خۆیدا ئاراستەیەکی یونیڤێرسالی وەردەگرێ، یاخود ئاستو توانا مەعریفییەکان لەسەر دەستی مرۆڤدا سنوربڕو پەلهاوێژە بۆ هەموو ئەو شوێنگەو وارانەی بۆنی زیندەگیی مرۆڤی لێبێت، سەرەنجام ئالووێری فیکریی‌و مەعریفیی بەشێکی گەورەی دەوڵەمەندکردنو بەپێزتربوونی لێکدانەوەکانی لێدەکەوێتەوە. دەمێکە مرۆڤ هەستی بەوە کردووە کە بۆ فراوانترکردنی خەیاڵی مەعریفیی پێویستی بەبۆچونو بیرکردنەوەی ئەویدی هەیە، لەمەشدا شایستەترین رێگەچارە فێربوونو شارەزابوونی زمانەکانی تر بووەو لەوێشەوە وەرگێڕانی زانیاریی‌و لێکدانەوەکانیان، دیارەکە پرسو ئاریشەیەکیش لەو ئاستەی گرنگیی‌و بایەخەدا بێ شایانی لەسەر وەستانو لێوردبوونەوەیە، ئەوەی کە سەرنجی منی بۆ ئەم بابەتە راکێشا پێویستیی کتێبخانەی کوردییە بە ئاراستەو بۆچوونی کتێبی جیهانی کە بەداخەوە زۆر بەکەمی بەرهەمە فیکریی‌و روناکبیرییە جیهانییەکانی تیادا دەبینرێت، هەڵبەت ئەم کەموکورییە خۆی لەخۆیدا قەیرانێکی گەورەیە کورد دووچاری هاتووە بۆیە بە پێویست دەزانرێت زۆرترو زۆرتری لێبکۆڵرێتەوە، لە راستیدا خەریکە کتێبخانەی کوردیی ئاشنایەتی لەگەڵ بابەتە تیۆریی‌و فەلسەفییە بەپێزەکاندا پەیا دەکات، ئەگەر جاران ئەو ئاشنایەتییە لە زمانی دووهەم یا سێهەمەوە دەگەیشتە بەردەستمان ئەمجارە هەوڵی ئەوە هەیە راستەوخۆ لە زمانە ئەسلییەکەوە بێ پەنابردنە بەر زمانێکی تر کە زۆرجار زۆرینەی فرەیزو چەمکە گرنگە هزرییەکانیان بە شێواوی بۆ دەگواستینەوە، ئەمجارە بێئەوەی ماناکان بە نێو تونێلەکانی کولتورێکی تری جیاوازو پڕ لە شێواویدا بڕوات ئەوسا بە ئێمە بگات، دیارە ئەم رایەم بە رابردووێکی تاڵی کەلچەری وەرگێڕدراوی سەر زمانی کوردییەوە پشتئەستوورە، رابردوویەکی ناڕاست، بەداخەوە چەندین نەوەی لە ژێر سایەی خۆیدا پێگەیاند کە حالی حازر باڵیان بەسەر فەزای کولتوریی‌و فیکریی کوردیدا کێشاوە، رەنگە هەڵە نەبم گەر بڵێم زۆر دەگمەنن ئەو کتێبە وەرگێڕدراوانەی کە راستەوخۆ لە زمانێکی دەوڵەمەندیی خۆرئاواییەوە بە ئێمە گەیشتبن، ئەوانەیشی کە ئێمە بینیومانن زۆر جار خوێنەری کورد نەیتوانیوە وەکو پێویست سودیان لێوە ببینێت، هەڵبەتە ئەم کێشەیەش دەچێتە خانەی ئەو گرفتو کێشانەی کە ئەمڕۆکە بە زەقی لە نێو کایەی روناکبیریی کوردیدا بەدیدەکرێت، دیارە فەزایەکی نالەباری لەم شێوەیەش لە دنیای روناکبیریی کوردیدا مەترسییەکانی زۆرن، گەر بێتو زوو درکی پێنەکرێتو جیدییانەتر کاری بۆ نەکرێت ئایندەیەکی خراپیشی بەدوادایێت. ئەوەی لای هەمووان ئاشکرایە ئەوەیە کە کتێبخانەی کوردیی لە فیکرومەعریفەتدا هەژارە، لە سەدانو هەزاران سەرچاوەی گرنگی جیهانیی خالییە، هۆکاری ئەمەش چییەو چۆنە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە بەلاَم ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە لەهەموو دنیادا دەزگایەکی نیشتیمانی وەرگێڕان هەیە، هەروەك دەزگای سەر بە کۆمپانیاو کەرتی تایبەتیش هەیە، کە بایەخی گەورە بە وەرگێڕان دەدەنو پاداشتی ماددیو مەعنەوی شایستە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەن، بۆیە پێموایە گەر لەم وڵاتەی خۆماندا هەوڵی کۆکردنەوەی وەرگێڕو شارەزایان نەدەینو کاری بۆ نەکەین ئەوا دەتوانم بڵێم کە لەسەر هەمان نەزمی جاراندا تەپلی رۆشنبیریی‌و فیکریی سەقەتی خۆمان لێدەدەین، ئەمڕۆکە کورد خاوەنی چەندان زمانزانی شارەزایە، لە چەندین بواری جۆراوجۆردا وەرگێڕی خۆمان هەنو زۆربەیان گەر زیاتر نەبن کەمتر نین لە وەرگێڕی گەلانی تر، بۆیە گەر هەولێکی کارای کۆکردنەوەو دەستگرتنیان نەدرێت بێگومان بە هەولە فەردییەکانیان ناتوانن کاری گەورە ئەنجام بدەنو ئەوەیشی کە لە خەیالیاندایە لێی بێتاقەت دەبن، لە راستیدا ئەم قەیرانە هێندە گەورەو قەبەیە پێویستی بە لێکۆلینەوەو دیراسەکردنێکی قوڵو هاوچەرخانە هەیە مومکین نییە بە وتارو لا لێکردنەوەیەکی بچوك بتوانرێ کێشەکە وەکو خۆی بخەیتە روو، لێرەدا مەبەستی سەرەکیم وروژاندنی زیندوێتی ئەم قەیرانەیە بەو هیوایەی کە ببێ بە پاڵنەرێك بۆ کەسانی تر کە قووڵتر لێی بکۆڵنەوەو بیخەنە بەر مایکرۆسکۆبی شرۆڤەکردنەوە، ئەوەی راستی بێ دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لە کوردستاندا دەزگای بچوك بچوکی وەرگێڕان هەن، هەموویان تا ئاستێك لە ئاستەکاندا کاری خۆیان کردووە بەلاَم هەستدەکرێ بە شێوەیەکی گشتی ئاکامگیرییەکی ناکارایانەی لێکەوتۆتەوە بەوەی کە نەتوانراوەبەپێی بەرنامەرێژییەکی تێروتەسەل بە هەولێکی نەفەسدرێژو ئاگاییەکی تۆکمە بەردەوامیی بەخۆی بدات، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتە پێویستە رێوشوێنی جۆراوجۆر بگرینەبەر ئەمیش بەوەی کە دەبێ لەسەرەتاوە بۆ مێژووی وەرگێڕانی کوردی بگەڕێینەوەو لە نزیکەوە دەستنیشانی ئەو کەرەسەو بابەتانە بکەین کە لە سەرەتاوە کاری بۆ کراوەو دواتر یەکەیەکە هەنگاوەکانی گەشەی ئەم بزاڤەی وەرگێڕانە بێنینە بەرباس ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە لە بێئاگایی‌و هەژارییەکی چەند دژواردا دەژینو ژیاوین، لە بیرمان نەچێ کە مێژووی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردیی تەمەنێکی کورتی هەیە بەگشتی کورد لە کوردستانی عێراقدا لەسەردەمی گۆڤاری گەلاوێژدا روویکردۆتە وەرگێڕان، ئەو دەمانەی کە عەلائەدینی سەجادیو برایم ئەحمەدو هاوڕێیانیان چیرۆکە بیانییەکانیان بۆ دەکردینە کوردی سەرەتاترین کاری

وەرگێڕانی ئەم وڵاتەی خۆمان بوو، ئەمەش وێڕای ئەوەی درەنگوەخت بوو هەولیش نەبوو بۆ بازدان بۆ سەر وەرگێڕانی بوارەکانی تری روناکبیریی، هەق بوو لەدوای ئەماندا راستەوخۆ بەفراوانیو بەلێشاو دەست بکرایە بە بایەخدانێکی تۆکمە بۆ سەر وەرگێڕانی هزری گەلانی تر، دەبوو لەدوای ئەماندا دەستەیەکی کارا ئەم ئەرکەی بگرتایەتە ئەستۆ، بێگومان لەوێوە دەکرا کۆمەڵگای ئێمە لە حاڵی حازردا خاوەنی بیرکردنەوەو تێگەیشتنێکی کراوەتر بووایە، دیارە کە لەدوای ئەمانیشدا ئەم کارە بەگوێرەی سەردەمی نوێ بەڕێوە ناچێ تەنها هەوڵی تاكوتەرای چەند کەسانێك دەمێنێتەوە کە هەڵگری هەمان نەفەسی ئەوانو لەهەمان بواردا توانیویانە نیمچە گەشەیەك بەم ئەرکە پیرۆزە بدەن، بێگومان دوای چەند دەیەیەك لە گەلاوێژ بواری وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی فراوانتر بووەو کاریشکراوەو کەسانێکیش بوون بە سوارچاکی سەردەمی خۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە، بەڵام نەبوونی ئیرادەیەك بۆ بازدان بەسەر بابەتو بوارەکانی تری مەعریفیی بەشێکی گرنگی قەیرانەکە پێکدێنێت، پێویستە ئاماژە بەم لایەنەش بدرێت کە لەپێشدا زۆرترین وەرگێڕی لای خۆمان بە حوکمی خوێندنەکەیان تەنها دەیانتوانی لە زمانی عەرەبییەوە کاری وەرگێڕان بکەن، زمانی عەرەبیش ئەگەرچی لەچاو زمانی کوردیدا زمانێکە دەوڵەمەندە بەڵام لە بیرمان نەچێ کە ئێستاکە دەشێ پێمانوابێ زمانی فیکری هاوچەرخ نییە، کتێبگەلێکی فیکرییو مەعریفیی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی عەرەبی دەبینینو لەبەردەستماندایە بەڵام کە دێیتە سەر بەراوردکاریی لەگەڵ زمانە بێگانە ئەسلییەکەدا لە زۆر حاڵەتدا کەموکوڕیی بەرچاو دەکەوێت، پێموایە کە زمانی عەرەبی هەرگیز ناتوانێ وەکو خۆی فیکری هیگلو فیورباخو مارکسو شوپینهاوەرو نیچەو هایدگەرو فۆکۆو دیریدا و هتد،، بگوازێتەوە، ئێمەیش کاتێ لە رێگەی ئەم زمانەوە دەچینە نێو دنیای ئەم بیرمەندانە حەتمەن دووچاری ئیشکالیاتی گەورە دەبین، بۆ نموونە جۆرج تەرابشی گەورە نووسەرو وەرگێڕی عەرەب لە چەندین لاوە گلەیی هەبوونی کەموکوریی لێدەکرێ لە وەرگێڕانی کتێبەکانی فرۆیددا کە کاتی خۆی کاری لەسەر کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە عەرەب خاوەنی چەندین دامودەزگای زەبەلاحی وەرگێڕانەو بە حساب چاودێرییەکی وردی دەکرێتو بودجەی ماددی خەیاڵیشیان لە پشتە، چجای ئەوەی کە نەتەوەیەکی ژێردەستو داگیرکراوی وەك کورد کە خاوەنی دەزگاودامەزراوەی گەورە نینو کەناڵە رووناکبیرییەکانیش زۆرجار زەرەرمەندی ماددی کارەکانیانن، ئەوەی کە وا چاکە بکرێت هەوڵدانی دروستکردنی خانەیەکی دەوڵەتی هەمەلایەنەی دەوڵەتە لە بواری وەرگێڕاندا کە تیایدا هەم چاودێر بێ بەسەر هەڵبژاردنی بابەتی وەرگێڕانو هەمیش ئەرکی پیاچوونەوەی بابەتو ماندووبوونی وەرگێڕ بگرێتە ئەستۆ، بەپێی ئەزموونی ئێمە لەماوەی پانزە ساڵی رابردوودا کە چەندین دەزگای کوردی تایبەت بە وەرگێڕانمان بینی ، بەداخەوە سستیو لاوازییان پێوە دیار بوو ئەمەیش لەبەر ئەوە نا کە ئەوان مەبەستییان کارکردن نەبووە بەڵکو لەبەر ئەوەی لەسەرەوە را هان نەدراونو پاڵپشتییەکی گەورە نەکراون، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناتوانین بڵێین کە هەوڵی فەردی تاکەکەسی نین و نەبوون بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە بە کردار پێویستیمان بە هەولێکی یەکگرتووی هەم وەرگێڕەکان خۆیان هەمیش بڕیاری ئیداریی لە کوردستاندا هەیە.